غەمگینیی پێوەستە بە باروودۆخی مرۆڤەوە.

## گفتوگۆ لەگەڵ ڕۆمانووس کازۆ ئیشیگورۆ (Kazuo Ishiguro) وەرگری خەڵاتی «نۆبڵ»ی ئەدەبیی لە ساڵی ٢٠١٧دا

**لە عارەبییەوە: عوسمان یاسین**

### ژیان و بەرهەمەکانی کازۆ ئیشیگورۆ

کازۆ ئیشیگورۆ (Kazuo Ishigou-ro)، وەرگری خەڵاتی ئەدەبیی نۆبڵ لە ساڵی ٢٠١٧، ڕۆمانووسێکی بەریتانیی و بە ڕەچەڵەک ژاپۆنییە، لە شاری ناکازاکی لە ساڵی ١٩٥٤ لەدایک بووە، خێزانەکەی لە ساڵی ١٩٦٠ وڵاتی ژاپۆنیان جێهێشتووە و چوونەنە بەریتانیا و لە شاری لەندەن نیشتەجێ بوون، ئەوکاتە کازۆ تەمەنی شەش ساڵان بووە، خوشکێکی لەخۆی گەورەتری هەبووە بە ناوی فومیکۆ، بەو هیوایە کۆچیان کردبوو، کە دوای ساڵێک بگەڕێنەوە وڵاتەکەی خۆیان، بەڵام ئەم هیوایەیان نەهاتە دی. باوکی کازۆ بووە کارمەندی حکومەتی بەریتانیا لە بواری زانستی زەریاوانیی (ئۆقیانوسیی) کاری کردووە. کازۆ لە بارەی ئەو کۆچکردنەیان بۆ بەریتانیادا دەڵێت: (خێزانەکەم لەم گەشتەیاندا بەرەو لەندن، ویستوویانە لەو شورەییی و شکستە خۆیان لە ڕێگەیەکی دووردرێژی تەمتومان

هەمیشە ویستوومە حیکایەتێک بنووسم هەموو تاکێک بتوانێت لایەنێک لە لایەنەکانی ژیانی خۆی تێدا بدۆزێتەوە.

بشـۆنەوە، تاکـو وەک دیوارەکانـی ناکازاکـی نەڕووخێـن). کازۆ لـە ساڵی ١٩٧٨ خوێندنـی لـە زانسـتگەی کنـت تـەواو کـرد و لـە سـاڵی ١٩٨٠ لـە زانسـتگەی ئیسـت ئەنکلیا بڕوانامـەی ماسـتەری بەدەسـت هێنـا، دوای تەواوکردنـی خوێنـدن لـە ڕێکخراوێکـی خێرخوازییـی بەریتانییـدا دەسـتی بەکارکـردن کـرد، کـە گرینگـی بـە خەڵکانـی لێقەومـاو و بێدەرەتـان دەدا. کازۆ لـەو کاتانـەی، کـە دەرفەتـی دەبوو، خـۆی سـەرقاڵی نووسـین دەکـرد.

کازۆ، خاوەنـی نووسـینی چەنـدان ڕۆمانـە لەوانـە: دیمەنێکـی هەڵبـزڕکاوی لووتکـەکان ١٩٨٢( A pale view of hills ) و هونەرمەنـد لـە جیهانێکـی ڕزگار بـوو ١٩٨٦ (An Artist of Float-ng world ) و ئـەوەی کـە لـە ڕۆژەکـە ماوەتـەوە ١٩٨٩(The re-mains of the day)[1] و ئەوانـەی تازیەیـان نییـە ١٩٩٥ (The Un-consoled) ئـەو کاتانـەی بێ دایـک و بـاوک بوویـن (یەتیـم بوویـن) ٢٠٠٠ (When we were Orphans) مەهێڵـە هەرگیـز بڕۆم ٢٠٠٥ (Never let me go)[2] و نوکترینـس ٢٠٠٩ (Nocturnes: Five stories of Music and Nightfall )[3] و زەبەلاحـی نێـژراو ٢٠١٥ (The Buried Giant).

ئـەم گفتوگۆیـە بـە زمانـی ئینگلیزیـی لەگـەڵ کازۆ کـراوە و لەتیفـە دەلیمـی (لطیفـە الدلیمـی) وەری گێڕاوەتـە سـەر زمانـی عارەبیـی، ئێمـەش وەرمانگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کوردیـی و بـە پێـی پێویسـت پەراوێزمـان بـۆی دانـاوە.

## گفتوگۆ لەگەڵ کازۆ ئیشیگورۆ

**پرسیار:** با لە یەکێک لە نوێترین ڕۆمانەکانت دەستپێبکەین، ئەویش ڕۆمانی مەهێڵە هەرگیز بڕۆم ٢٠٠٥ (Never let me go). چۆن تەونی ئەم ڕۆمانەت چنیوە؟

**کازۆ:** لە ماوەی ئەم پازدە ساڵانەی دواییدا، خەریکی نووسینی چەندان کورتیلە چیرۆک بووم، هەریەکەیان بەشێک بوون لەو چیرۆکەی، کە باسی کۆمەڵە خوێندکارێکی ئینگلیزیی دەکرد، کە لە ژیانێکی پڕ لە سەیر و سەمەرەدا، لە خانوویێکی گوندییدا لە دەوروبەری گوندێکی ئینگلیزییدا دەژین، هیچ شتێکم لەبارەی ئەوانەوە نەدەزانی، جگە لەوەی، کە ئەوانە کۆمەڵە خوێندکارێکی سەیرن و هەمیشە لە بارەی ئەو کتێبانەدا گفتوگۆ دەکەن، کە دەیانخوێننەوە، دواتر لە بارەیەوە خەریکی نووسینی گوتارێک دەبن. جۆرێک لە پێوەندییەکی هاوسۆزیی لە نێوان ئەو گرووپەدا هەبوو، کە کۆی دەکردنەوە و بەیەکەوەی دەبەستنەوە. باسی هیچ شارێکی زانستگەیی و مامۆستایەک لە دیمەنەکانی چیرۆکەکەدا نەکراوە. بە درێژایی ژیانم لەسەر نووسینی ئەو جۆرە چیرۆکانەدا ڕاهاتبووم. ئەگەر لە نووسینگەکەمدا سەردانت کردبووام، چەندان چیرۆکی لەو جۆرە چیرۆکانەت لەسەر مێزەکەمدا دەبینی، کە نازانم چۆن ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبنە ڕۆمانێک.
ڕۆژێک گوێم لە ڕادیۆ گرتبوو، کە بەرنامەیەکی زانستیی لەسەر بوو، باسی بابەتێکی تەکنۆلۆژیای زیندەوەریی (التقنیة الاحیائیة) دەکرد، ئەمە وای لێکردم، کە ئاسۆی خەیاڵم دوور بڕوات، چونکە من حەز بەو جۆرە بەرنامە زانستییانە ناکەم، بەڵام ئەمە ڕوویدا. جێگەی سەرسووڕمان بوو، کە بەردەوام بووم لە گوێگرتن لە بەرنامەکە. ختووکەیەک بە هزرم داهات، کە چ لەگەڵ خوێندکارە گۆشەگیرەکانم دەکەم لە کوخە گوندییەکەیاندا؟ بەمجۆرە گێڕانەوەی سادەم لە چنینێکی ڕۆمانامێزدا ئەنجامدا. بەڵام، کە ڕۆمانەکە باسی جۆرێک لە غەمگینیی دەکات، کە دیارە ئەم بارودۆخە سیمایەکی

سەرەکییە و بە مرۆڤایەتییەوە بەستراوەتەوە.

**پرسیار:** ئەم ڕۆمانەت لەو جۆرە ڕۆمانانەن چیرۆکی نائومێدیی دەگێڕنەوە، کە هەمیشە پێوەستە بە ژیانی مرۆڤایەتییەوە. هەروەها ئەم ڕۆمانە ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی خەیاڵی زانستیی تێدایە، کە پێشبینیی بە دۆزینەوەی زانستی دوارۆژ دەکات، وەک ڕۆمانی (جیهانی نوێی ئازاد)، کە لە ڕۆمانە بە نێوبانگەکانی ئەلدۆس هکسلییە ALDOUS HUXLEY، ئایا لە سەرەتای کارەکەتدا لەو ڕۆمانەدا ویستووتە ڕۆمانەکەت دوارۆژخواز بێت؟

**کازۆ:** هەرگیز خۆم لەوەدا نەبینیوەتەوە، کە لەژێر کاریگەریی و وروژاندنی نووسینی چیرۆکی دوارۆژخوازانە کار بکەم. من بەدوای ئەدەبی دوارۆژخوازییەکاندا ناگەڕێم، حەزیش بە نووسین لە بارەی بەرزونشێوەکانی جیهانی دوارۆژ ناکەم، هێزێکی بیرکردنەوەی پێویستی وام نییە، کە بزانم ئۆتۆمبێلەکان، یاخود دەسکی کوپەکان لە شارستانییەتی دوارۆژماندا چۆن دەبێت. سەرەڕای ئەوەی، کە من ڕۆژێک لە ڕۆژان حەزم لەوە نەکردووە، کە نووسینەکانم لەو دەقانە بن، کە بە پێشبینیی بارگاویی کرابن. هەموو ئەوەی، کە هەمیشە ویستوومە ئەوەیە؛ کە حیکایەتێک بنووسم هەموو تاکێک بتوانێت لایەنێک لە لایەنەکانی ژیانی خۆی تێدا بدۆزێتەوە.

سەبارەت بە ڕۆمانەکانم دەتوانم بڵێم جۆرێک لە ئاماژەی مەرگەساتامێزی مرۆڤایەتیی و شتێک لە خەیاڵی زانستییان تێدا دەبێت، کە لە ڕۆمانەکانمدا دەرکی پێدەکرێت، بەڵام ئەمە دوارۆژخوازیی نییە، وەک ئەوەی لە ئەدەبی دوارۆژخوازییدا باسی لێوە دەکرێت. من وای دەبینم، کە ڕۆمانەکانم لەو جۆرە ڕۆمانانەن، کە دەشێت ناوی ڕۆمانەکانی مێژووی جێگرەوە (التاريخ البديل)ی لێبنێین. وەک ئەوەی بپرسین، کە ئاخۆ جیهان چۆن دەبوو، ئەگەر هێتلەر لەشەڕدا سەرکەوتوو بووایە؟ یاخود بەریتانیا چۆن دەبوو، ئەگەر کارێکی زانستیی، یاخود دوو کاری زانستیی بە ڕێگەیەکی جیاواز لەوەی لە ڕاستییدا ڕوویداوە، ڕوویاندابووایە؟

پرسیار: ئایا پێت وایە ئەزموونێکی سەرنجڕاکێشت هەیە، کاتێک لە تێڕوانینی مێیینەوە دەنووسیت؟

**کازۆ:** زۆر گرینگی بەوە نادەم، کە گێڕەرەوە لە ڕۆمانەکانمدا کەسێکی مێیینە بێت. لە ڕۆمانی یەکەممدا گێڕەرەوە ژن بوو، بەڵام دواتر، کە پێگەیشتم لەسەر ئەوە ڕاهاتم گێڕەرەوەی جۆراوجۆر لە ڕۆمانەکانمدا بەکاربهێنم، وەک کەسی بەتەمەن، یاخود ئەو کەسانەی، کە لە ڕۆشنبیریی جیاواز لە ژینگەی ڕۆشنبیریی مندا دەژین . توانایەکی زۆر لە خەیاڵ، لە خەڵقاندنی کەسایەتیی ڕۆمانی لەم جۆرە لە ئارادایە، وای دەبینم، کە بەکارهێنانی گێڕەرەوەی ژن لە ڕۆمانەکانمدا لەو بەدەربێت، بەڵکو من پێم وایە، کە ژن کەمتر جێگەی خواستە لەو گێڕەرەوانەی، کە خەسڵەتی مێیینەیان نییە.

پرسیار: لەو کاتەی تەمەنت پێنچساڵان بووە، وڵاتی ژاپۆنت بەجێهێشتووە و سەردانی ئەو وڵاتەت نەکردووە، بەڵام لە بارەی ئەو وڵاتەشت نووسیوە، دایک و باوکت لە چ جۆرە ژاپۆنییەک بوون؟

**کازۆ:** دایکم ژنێکی دیار و بەرچاو بوو لە نێو کچانی نەوەی خۆیدا، ڕفتارو عاداتی ئەو خانمانەی ژاپۆنیی هەبوو، کە لە سەردەمی پێش دروستبوونی بزووتنەوەکانی ژنان دەژیان. کاتێک سەیری فلیمێکی یابانیی کۆن دەکەم، هەست دەکەم هەڵسوکەوتی ژنانی ئەو کات و شێوازی قسەکردنیان لە هەڵسوکەوت و قسەکردنی دایکم دەچن. ژنەکانی ژاپۆن زمانێکیان بەکار دەهێنا تا ڕادەیەک لەو زمانە جیاواز بوو، کە پیاوەکان ئەو کات بەکاریان دەهێنا، ئێستاکە ئەم جیاوازییە نەماوە، زمانی ژن و پیاوان تێکەڵ بوونە، دایکم لە ساڵانی هەشتاکانی سەتەی ڕابردوو، سەردانی ژاپۆنی کرد، تووشی شۆک ببوو، سەری لەوە سوووڕما بوو، کە ژنانی ژاپۆن زمانی پیاوان بەکار دەهێنن، دایکم لە شاری ناکازاکی ژیاوە، ئەو لە تەمەنی سێ ساڵاندا بوو، کە ئەو شارە کەوتە بەر بۆمبی ئەتۆمیی، ئەو کچێکی تاقانەی خێزانەکەی بوو، چوار

برای هەبوو، تەقینەوەی بۆمبی ئەتۆمیی،ماڵەکەیانی وێرانکرد، لەو کاتەدا پارچەیەک لە پڕوشکی هەپڕوونبووەکانی تەقینەوەکەی بەردەکەوێت و بریندار دەبێت. لەو کاتەدا ئەندامانی خێزانەکەی لە لایەکی دیکەی شارەکەدا خەریکی کاروباری فریاگوزاریی خەڵک بوون، دایکم پێی گوتم، کە ئەو لە بۆمبەکە نەدەترسا، بەقەد ئەوەی لە هێرشی بەردەوامی فڕۆکەکان دەترسا، لەو کاتەی، کە لە ژێرزەمینی ئەو کارگەیدا خۆیان حەشاردەدا، کە کاریان تێدا دەکرد. کاتێک بۆمبەکان بەسەریاندا دەبارین، مەرگیان بۆ خۆیان دانابوو.

باوکم بە ڕچەڵەک ژاپۆنیی نەبوو، ئەو لە شاری (شانگهای) گەورە ببوو، خەسڵەتی تایبەتیی چینیی هەبوو، کە بریتی بوو لەوەی بەزەردەخەنەیەکی فراوان، ڕووبەڕووی گرفت و مەرگەساتەکان دەبووەوە.

**پرسیار:** لەبەرچی خێزانەکەت بەرەو وڵاتی ئینگلتەرا کۆچیان کرد؟

**کازۆ:** لە ڕاستیدا ئەم کۆچکردنە، سەرەتا تەنیا جۆرە گەشتێکی کورت بوو، باوکم لەبواری زانستی زەریاوانیی (ئۆقیانووسیی) تایبەتکاربوو، سەرۆکی سەنتەری بەریتانیی بۆ زانستی زەریاوانیی داوەتی کرد، تاوەکو داهینانەکانی خۆی تاقیبکاتەوە و پەرە بە بواری زانستی خۆی بدات، کە بریتی بوو لە پێوانەکردنی ڕەشەبای زەریا، هەرگیز من لەو دیوی ئەو داهێنانەی باوکم نەدەگەیشتم، دواتر زانیم، کە ئەو سەنتەرە بەهۆی پێویستییەکانی شەڕی سارد دروست ببوو، کە زۆر بە نهێنیی کاری دەکرد، باوکم لە شوێنێکی شاراوە و نهێنیی لە قولایی دارستانێک کاری دەکرد، کە تەنیا جارێک توانیم لەو شوێنەی سەردانی بکەم.

**پرسیار:** ئایا لە منداڵیتدا ئارەزووی خوێندنەوەت هەبوو؟

**کازۆ:** پێش ئەوەی ژاپۆن جێبهێڵم، ئەو کاتە باسوخواسی پاڵەوانێکی ئەفسووناویی بە ناوی (جیکۆکامین) لە ئارادابوو، کە بە شێوەیەکی فراوان لەناو خەڵکدا باسی لێوە دەکرا، منیش ئەو کاتە زۆر بەدیار

ئەو کتێبە وێنەدارانەی منداڵان لە لای پەڕتووکفرۆشەکان دەوەستام و سەیری وێنەی ئەو پاڵەوانەم دەکرد لەناو ئەو کتێبانە، کە بە وێنە چیرۆکی ئەو پاڵەوانەیان دەگێڕایەوە، سەرنجی وێنەکانم دەدا و لە مێشکمدا تۆمارم دەکردن، دواتر دەگەڕامەوەماڵەوە و زۆربەی ئەو وێنانەم لە سەر لاپەڕەی کاغەزدا دروست دەکردەوە، دایکیشم لاپەڕەکاغەزەکانی بۆ کۆدەکردمەوە و لەیەکتری دەدوورییەوە و وەک پەڕتووکێکی لێدەکرد.
لە بەریتانیادا دەستم کرد بە خوێندنەوەی کتێبی نەخشێندراو بە وێنەی کاریکاتۆریی بە ناونیشانی (سەیربکە و فێربە)، کە زنجیرە کتێبێکی فێرکاریی منداڵان بوو لە بەریتانیادا، کە هەستم دەکرد کتێبی بێزارکارن.

**پرسیار:** لە یەکەمین کاری ڕۆژنامەنووسیتدا سەرکەوتنت بەدەستهێنا، بەڵام ئایا هیچ پەڕتووکێکت لە قۆناغی گەنجییدا نووسیوە، کە چاپ نەکرابێت؟
**کازۆ:** لە دوای دەرچوونم لە زانستگەدا، لە بواری یارمەتیدانی کەسانی لێقەوماو و سەرشۆستەکاندا لە ڕۆژاوای لەندەن کارم دەکرد، درامایەکی ئێزگەیی (تەمسیلییەک)م بۆ ڕادیۆی (بی بی سی) نارد ڕەتیان کردەوە، بەڵام لە وەڵامدانەوەی ڕتکردنەوەکەیاندا چەند دەستەواژەیەکی هاندەرانەیان بۆ نووسیبووم، لەگەڵ ئەوەشدا نەمدەویست کەس سەیری ئەم کارەم بکات.

**پرسیار:** چی وای لێکردی، کە ئەو تەمسیلییە بۆ ئێزگە بنووسیت؟
**کازۆ:** من بیرم لە پیشەیەکی دوارۆژی خۆم دەکردەوە، دوای ئەوەی لەوە سەرکەوتوو نەبووم، کە ببمە مۆسیقاژەن، پاش چاوپێکەوتنێکی زۆر لەگەڵ بەرهەمهێنەرانی مۆسیقا، ئەو کاتە بیرم لەوە دەکردەوە، کە دراما بۆ ئێزگە بنووسم، دواتر بە ڕێکەوت ئاگەدارییەکم بینی سەبارەت بە خولێکی فێربوونی نووسینی ئێزگەیی، کە لەلایەن نووسەری بە نێوبانگ (مالکولم برادبوری) لە زانستگەی ئیست ئەنگلیا بەڕێوە دەچوو، ئەم جۆرە خولانە ئێستاکە

زۆر بەربڵاون، بەڵام ئەو کات وا نەبوو، زۆر بە دەگمەن ئەم خولانە سازدەکران، ئێمە بە کارێکی ئەمریکیمان دادەنا، کەسێک پێی گوتم، کە پێش دەساڵانێک (ئایان ماکوان- Ian McEwan)[٤] بەشداریی ئەم جۆرە خولانەی دەکرد. ئەمەش سەرنجیڕاکێشام و هانی دام، کە منیش بەشداریی بکەم. بەڵام لە ڕاستییدا هاندەرێکی دیکەشم هەبوو، کە بریتی بوو لە بەخشینێکی دەوڵەت بۆ ماوەی یەک ساڵ بۆ ئەو کەسانەی بەشداریی ئەم جۆرە خولانەی دەکرد. لەبەر ئەوە داواکارییی بەشدارییکردنم لەم خولە پێشکەش کرد، بۆ ماوەی مانگێک لە ناوەڕاستی ناوچەی (کورنوال) کوخێکم بە کرێ گرت، کە لە شوێنێکی دوورەدەست بوو، شوێنێکی تایبەتییکراو بوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەسانەی تووشی ڕاهاتن هاتبوون لەسەر ماددە هۆشبەرەکان، بەڵام من لەم شوێنە دەمویست خۆم فێری نووسین بکەم. ئەو کاتە ساڵی ١٩٧٩ بوو، بۆ یەکەم جار بیرم لە دروستکردنی بینای هونەریی چیرۆک کردەوە، هەروەها بیرم لە بابەتی چیرۆک و چۆنیەتی گێڕانەوەی چیرۆک کردەوە. لە کۆتاییی ئەو مانگەی لەو شوێنە بووم، دوو کورتە چیرۆکم لەبەردەستدا بوو.

**پرسیار:** ئایا هەر لەو ساڵە، یەکەم چیرۆکت لەسەر ژاپۆن لە زانستگەی ئیست ئەنگلیا نووسی؟

**کازۆ:** بەڵێ، هەستم بەوە کرد، ئەگەر لەو نێوەندە دووربکەومەوە، کە تێیدا دەژیم، ئەوە خەیاڵم چالاک دەبێت وڕەخنە دەگرێت، هەوڵمدا چیرۆکێک لەسەر لەندەن بنووسم، ئەم ڕستەیەم نووسی (لە وێستگەی متروکامون هاتووم بۆ ماکدۆنالد، لەوێدا «هاری» هاوڕێم بینی). ئەو ڕستەیەم کە نووسی، قەڵەمەکەم لە نووسین وەستا، نەمدەزانی دواتر چی بنووسم، بەڵام کاتێک دەمویست لەسەر شوێنی دوور بنووسم، وەک ژاپۆن، ئەوکاتە نووسین بۆم هەڵدەڕژا و پێنووسەکەم لە نووسین نەدەوەستا، یەکێک لەو چیرۆکانەم نووسی، کە باسی تەقینەوەی بۆمبی ئەتۆمییی ناکازاکیی دەکات، گێڕەرەوەی چیرۆکەکە ژنێکی گەنجە، ئەم چیرۆکە

پێشــوازییەکی باشــی لێکــرا، لەلایــەن هەموانــەوە هاوســۆزییەکی زۆری بەدەستهێنا. خوێنـەرەکان دەیـان گـوت: ئـەو بابەتـەت لەسـەر ژاپۆن زۆر سـەرنجڕاکێش و خۆشییبەخشـە، بەهـۆی ئـەم چیرۆکـەوە شـوێنپێیەک لـە جیهانـی ئـەدەب پەیـدا دەکـەی.
دوای تەواوکردنـی ئـەو خولـەی باسـمکرد، تەنیـا چەنـد چیرۆکێکـم نووسـی، دەزگـەی چاپ و بڵاوکردنـەوەی (فابـر) پێوەندیی پێوە کردم و ئـاگاداری کردمـەوە، کـە ڕەزامەندیـان نیشـانداوە سـێ چیرۆکـم لـە زنجیـرەی ناسـینی کورتـە چیـرۆک بـۆ بـڵاو بکەنـەوە. ئەمـە بـۆ مـن هەنگاوێکـی زۆر بـاش بـوو، دواتـر زانیـم، کـە هـەردوو نووسـەر (تـۆم ستۆبارد)[5] و (تیـد هیـوز)[6] بەهەمـان هەنـگاودا تێپەڕیـون تاکـو وەک دوو نووســەر دەرکەوتـن.

**پرســیار:** ئایـا ئەمـە ڕوویـدا، کـە دەسـتت بـە نووسـینی ڕۆمانـی (دیمەنێکـی هەڵبـزڕکاوی لووتکـەکانA pale view of hills) کـرد؟
**کازۆ:** بـە ڵـێ، دەزگـەی (فابـر) بڕێـک پـارەی وەک پێشـەکییەک پێبەخشـیم، تاوەکـو لـە کاتێکـی دیارییکـراودا کارەکـەم ئەنجـام بـدەم.

پرسـیار: دەکرێـت چ خاڵێـک بـە خاڵـی دەسـتپێکردن لـە نووسـینی ڕۆمانــی (ئــەوەی ماوەتــەوە لــە ڕۆژەکــەدا) دابندرێــت؟
**کازۆ:** سـەرەتا کارەکـە بـە نوکتـە و گاڵتەپێکردنێکـی خێزانەکەم دەسـتی پێکـرد، ڕۆژێـک بڕیـار بـوو، چاوپێکەوتنێکـم لەگـەڵ ڕۆژنامەنووسـێک هەبێـت، دەربـارەی یەکـەم ڕۆمانـی بڵاوکـراوەم، ئـەو ڕۆژە خێزانەکـەم بـە گاڵتـە و لەخـۆوە گوتـی: چەنـد جێگـەی پێکەنینـە ئەگـەر ڕۆژنامەنووسـەکە هـات و کۆمەڵـە پرسـیارێکی ئاڵـۆز و جددیـت ئاڕاسـتە بـکات، دواتـر تـۆ وەڵامـی بدەیتـەوە و بڵێـی: بەڕێوەبـەری خزمەتکارانـم لـەو ماڵـەدا؟! مـن و خێزانەکـەم ئـەم هزرەمـان زۆر پـێ سـەرنجڕاکێش بـوو. لـەو کاتـەوە هـزری گەورەخزمەتکارانـم لـە مێشـکدا دەخولایـەوە، کـە دواتـر ئـەم هـزرە بـووە بنەمایەکـی پێوەسـت بـە زۆربـەی ڕۆمانەکانـم.[7]

**پرسیار:** کاتێک بۆ جاری دووەم لە تەمەنی هەژدە ساڵییدا سواری فڕۆکە بوویت، بەرەو کوێ گەشتت کرد؟
**کازۆ:** بەرەو ئەمریکا گەشتم کرد، کە ئەمە هەر لە زووەوە خولیایەکی خۆم بوو، کولتووری ئەمریکیی زۆر سەرنجی ڕاکێشا بووم، ئەو کاتە لە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی گەمەی منداڵان کارم دەکرد، هەندێک پارەم کۆکردەوە، لە هاوینی ساڵی ١٩٧٤ سواری فڕۆکەیەکی کەنەدی بووم، کە ئاسانترین هۆکار بوو بۆ گەیشتنم بە خەونی ئەمریکام، فڕۆکەکە منی گەیاندە (فرانکۆفر)، دواتر لە کاتی نیوەشەودا لە سنوور پەڕیمەوە، سێ مانگ لە ئەمریکا مامەوە، ڕۆژانە دۆلارێکم خەرج دەکرد، ئەو کات لای هەموو کەسێک ئەو جۆرە هەژمارکردنە باو بوو، شەو، کە دەگەڕایەوە شوێنی حەوانەوەت، پێش نووستن پارەکەی گیرفانت دەژمارد.

**پرسیار:** ئایا ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێکی هیپی hippie بووی؟
**کازۆ:** وای دابنێ وا بووم، ئەگەر بە ڕووکەشیش بێت، چونکە پرچی درێژم بەسەر شان وملم شۆڕ ببووەوە، سمێڵ و ڕیشم بەردابووەوە، گیتار و جانتایەکم لە پشت بوو. سەیر بوو، کە ئێمە هەموومان خۆمان لەوە بەتاڵکردبووەوە، کە کەسێکی زۆر جیاواز و ناوازەبین. بە ڕێگەی (ئۆتۆ-ستۆپ) گەشتم بۆ ویلایەتەکان کرد، لە ڕێگەی کەناری باسیفکی خێرا دەستم پێکرد، هەتاکو لوس ئەنجلوس، سان فرانسیسکۆ و باکوری کالیفۆڕنیا چووم.

**پرسیار:** ئایا شێوازت وەک گاوان (کاوبۆی) بوو؟
**کازۆ:** بەڵێ تاڕادەیەک، شتێکی گاڵتە جاڕ و ناشرین لە لەنگیی و قورس قسەکردنی ئەمریکییدا هەیە.

پرسیار: پێدەچێت لە گەنجیەتییدا چەند کەسانێک هەبووبن، کە تۆ پێیان سەرسام بووی و لاسایی ئەوانت کردووەتەوە، وەک

شارلۆک هۆلمز[٨]، بۆب دیلان[٩] و کیرۆک[١٠]؟
**کازۆ:** لە تەمەنی هەرزەکارییمدا گرینگیم بە نووسینی شیعری گۆرانیی دەدا، بە بێەوەی لاسایی کەس بکەمەوە، کە وام دەزانی ئەو کارە بواری کاری ڕاستەقینەی خۆمە. جورەتی لاساییکردنەوەی عەزفکردنی گیتاری بۆب دیلانم نەبوو، چونکە تووشی ڕق و قینەی هاوڕێکانم دەبووم. بەڵکو دەبوایە توانا تایبەتیەکانی خۆم لە گۆرانیی گوتندا بدۆزمەوە. ئیتر لەگەڵ هاوڕێکانمدا بە تەواویی دەرکمان بەو ڕاستییە کردبوو، کە ئێمەی بەریتانیی ناتوانین وەک شێوازی ئەمریکیی گۆرانیی بڵێین. کاتێک دەڵێیت (لە سەر ڕێگەدا ON THE ROAD)، کە ڕۆمانێکە لە نووسینی جیریک کیرۆکە، ڕووبەڕووی مەیدانخوازییەک دەبیتەوە لە دۆزینەوەی مانای پێویست لە زمانی ئینگلیزیی بۆ ئەو دەستەواژەیە، کە هەست دەکەیت تا ڕادەیەک تۆ بەریتانیی و خەیاڵی ئەوە دەکەی، کە لە ڕێگەیەکی خۆڵەمێشیی پێچاوپێچ لە ژێر لێزمەی باراندای و دەچیتەوە سەر سنوورەکانی سکۆتلەندا، کە تەم دایپۆشیوە. ئەمەش لەجیاتی ئەوەی خەیاڵی ئەوە بکەی، کە ئۆتۆمبێلێکی کادیلاک لە سەر ڕێگەیەکی ئەفسووناویی ئەمریکییدا خێرا دەڕوات.

پرسیار: سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی یەکەم ڕۆمانت (وێنەیەکی هەڵبزڕکاوی لووتکە) ئەمڕۆ چۆنی دەبینی؟
**کازۆ:** من ئەو ڕۆمانەم لەلا خۆشەویستە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەست دەکەم، کە جێگەی سەرسووڕمان و پرسیارکردنە، کۆتاییی ڕۆمان وەک لوغزێک puzzle وایە، نازانم ئەمڕۆکە لە ڕووی هونەرییەوە سوودی ئەمە چییە، کە خوێنەر بخەیتە ناو کۆمەڵە لوغزێکی ئاڵۆزەوە. هەرچۆنێک بێت من لەو ئەزموونەی لوغزی ڕۆماندا ویستوومە لەوە دووربکەومەوە، کە زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی بنووسم، کەمێک لەوە نزیک ببمەوە، کە ڕۆمانەکانم ببنە جێگەی سەرج، سەرسووڕمان و پرسیار کردن، بەڵام سەرەڕای ئەو بۆچوونەم، لوغزی ناو ڕۆمانەکانم جێگەی ڕەزامەندیی خوێنەرانی نەبوونە.

**پرسیار:** چ مەبەستێکت لە نووسینی ئەم ڕۆمانەدا هەبووە؟
**کازۆ:** گێڕەرەوە لەم ڕۆمانەدا ژنێکی تەمەن مامناوەندییە، کە کچێکی هەبووە بە خۆکوشتن کۆتاییی بە ژیانی خۆی هێناوە، پێشوەختە لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەم بە ڕووداوی خۆکوشتنی کردووە، لە جیاتی ئەوەی ژنە گێڕەڕەوەکە سەرقاڵی گێڕانەوەی کرداری خۆکوشتنی کچەکەی بێت، سەرقاڵی گێڕانەوەی بیرەوەرییە شیرینەکانی دەبێت لە ناکازاکی لە دوای کۆتاییی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانیی. من ویستوومە خوێنەر تووشی سەرسووڕمان بێت و پرسیار بکات: بۆچی بیرەوەرییەکانی گێڕەڕەوە دەخوێنینەوە لە جیاتی ڕۆچوونە ناو هۆکارەکان و کاریگەرییەکانی کرداری خۆکوشتن؟ ئەو ژنە لە بەرانبەر خۆکوشتنی کچەکەیدا هەست بە چی دەکات؟ من پێشبینیی ئەوەم کردووە، کە خوێنەر لەسەرتادا دەرک بەوە دەکات، کە وردودرشتی ڕووداوی خۆکوشتنەکە لە میانەی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی گێڕەڕەوە دەربارەی هاوڕێیەتییەکی پتەوی خۆی باسی لێوە دەکرێت.

**پرسیار:** چ شتێک ئیلهامبەخشت بوو لە نووسینی ڕۆمانی دووەمتدا بەناونیشانی (هونەرمەند لە جیهانێکی ڕزگاربوو-سەرئاوکەوتوو- An Artist of Floatng world )، کە باسی وێنەکێشێک دەکات وێڵە بەدوای بیرکردنەوەکانی، کە پشتگیریی لە عەسکەرتاریەت دەکات؟
**کازۆ:** لە ڕۆمانی یەکەممدا (دیمەنێکی هەڵبزرکاوی لووتکەکان A pale view of hills) گرێیەکی (حبكة) مامناوەندیی تێدایە لە بارەی مامۆستایەکی پیر، کە دەیەوێت دووبارە لێپرسینەوە لە سیستێمی بەهاکان بکات، کە ژیانی لەسەر دامەزراوە، بیرم لەم گرێیە کردەوە و گوتم: دەیکەمە خاڵی دەسپێکردنی ڕۆمانێکی نوێ لە بارەی هونەرمەندێک، کە ژیانی بە پاشماوەی ئەو هزرانەی لە قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانیدا لەلای دروست ببوون، پیس بووە. کاتێک سەیری ڕۆمانی (هونەرمەند لە جیهانێکی ڕزگاربوو-

سەرئاوکەوتوو) دەکەم، وای دەبینم لەو تیمەیەدا نزیک بوویمەوە، کە دەڵێت: (لە تەمەنی پیریتدا بەفیڕۆچوونی ژیانی خۆت ببینی بە هۆی پیشەیەک، کە هەتبووە، بە بێەوەی لە خۆت بپرسیت: ئەدی چی لە بارەی ژیانی تایبەتییمەوە؟!) کاتێک مرۆڤ گەنجە هەست دەکات دەبێت هەموو شتێک لە خزمەت پیشەکەیدا بێت، کە سوودی هەیە بۆ ژیانی، بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی ساڵەکانی تەمەنیدا، دەرک بەوە دەکات، کە پیشەکەی بەشێکە لە گەمەی ژیان و هەموو ژیانی نییە.

پرسیار: وادیارە بە (دیستۆڤسکی) سەرسامیت؟
**کازۆ:** من بە (دیستۆڤسکی)، (دیکنز)، (جین ئۆستن)، (جۆرج ئێلیۆت)، (شارلوت برۆنتێ) و (ریلکی کولنز) زۆر سەرسامم. ئەو نووسەرانەی سەدەی نۆزدەهەم مەزنن، کە من لە کاتێ خوێندکاری زانستگە بووم، سەرەتا بەرهەمەکانی ئەوانم خوێندەوە.

**پرسیار:** چ شتێکت لەو نووسەرانە خۆش دەوێت؟
**کازۆ:** ئەوەی لەو نووسەرانەم خۆش دەوێت ئەوەیە؛ کە ئەوانە نووسەری واقیعین، بەو مانایەی، کە ئەو جیهانەی لە ڕۆمانەکانیاندا دەیخوڵقێنن، کەموزۆر نزیکە لەو جیهانەی، کە ئێمە تێیدا دەژین. زۆر بە ئاسانیی دەتوانین بەناو ڕۆمانەکانیاندا ڕۆبچین، بە ڕادەیەک، کە خۆمان لە بیر بکەین. جۆرێک لە گێڕانەوەی لانەوازە لە ڕۆمانەکانی ئەو نووسەرانە بە دی دەکرێت، شێوازی گێڕانەوەی کلاسیکیی، گرێ و پەیکەری کەسایەتی بەکاردەهێنن. هەروەها دەمەوێت باسی نووسەرێکی دیکە بکەم، کە پێی سەرسامم و نووسینەکانیم لەلا پەسندە، ئەویش ئەفلاتۆنە.

**پرسیار:** لەبەر چی ئەفلاتۆن؟
**کازۆ:** لەبەر ئەوەی لە زۆربەی گفتوگۆیەکانی سوقراتیدا، ئەفلاتۆن باسی گەنجێک دەکات، کە لە شەقام و ڕێگەوبانەکان دەسووڕێتەوە، زێدەڕۆییانە باوڕی بە خۆیەتی و وا لەخۆی دەبینێت، کە هەموو

شـتێک دەزانێـت، بـەڵام سـوقرات زێدەڕۆیـی باوڕبەخۆبوونـی ئـەو گەنجـە دەشـلەژێنێ، وادەردەکەوێـت، کـە ئەمـە مایـەی نائومێدیـی و دەستەوەسـتانیی بێت، بـەڵام ئەمـە بیرۆکەیەکی بایەخداری تێدایـە، کـە ئەوەیە: بیروبۆچوونـە جوانـەکان هەمیشـە بـە ئەسـتەم پەیدادەبن و دەسـت دەکـەون.
وا ڕوودەدات، کـە زۆر جاران تاکـەکان هەمـوو ژیانیـان لـە سـەر چەند بیروبۆچوونێکی دیاریکراو و جێگیردا بنیات دەنێن، کە بە شـێوەیەکی گشـتیی بیروبۆچوونـی نادروسـت و هەڵخەڵەتێنـەرن، ئەمـەش تیمـەی بنچینەییـە لـە ڕۆمانەکانـی سـەرەتاییمدا. ئـەو خەڵکـەی کـەوا سـەرقاڵن و وادەزانـن خـاوەن هەمـوو زانسـت و زانیارییـەکن، بـەڵام بەداخـەوە سوقراتێک نییە، کە ئەم سـەرکێشـیەیان دابمرکێنێتەوە و جڵەوکێشـیان بـکات، وای لێهاتـووە، هـەر کەسـێک بووەتـە سـوقراتی خـۆی.

## پەراوێزەکانی وەرگێڕی کوردیی:

١- ئـەم ڕۆمانـە نێوبانگـی جیهانیـی بـە کازۆ بەخشـی و بەهۆیـەوە لـە سـاڵی ١٩٨٩ خەڵاتـی بۆکـەری بەریتانیـی بەدەسـتهێنا، دواتـر ئـەم ڕۆمانـە لـە سـاڵی ١٩٩٣ کرایـە فیلمـی سـینەمایی، کـە ئەکتـەری بەریتانیـی بەنێوبانـگ ئەنتۆنـی هۆبکنـز، ڕۆڵـی پاڵەوانیەتیـی تێـدا گێـڕاوە.

٢- لـەم ڕۆمانـەدا کازۆ بـاس لـەو گرفتـە ئەخلاقییانـە دەکات، کە لەگەڵ پەرەسـەندنی لەڕادەبـەدەری ئەنـدازەی بۆماوەییـی سـەرهەڵدەدەن. سـاڵی ٢٠٠٩ ئـەم ڕۆمانـە کرایـە فیلمـی سـینەمایی.

٣- (Nocturnes) زاراوەیەکی مۆسـیقییە بە مانـای شـەوانەکان دێت، لـە بـەر ئـەوە هەندێـک ئـەم ڕۆمانـەی بـە (تابلۆیەکانـی شـەوانەیی) وەرگێـڕاوە.

٤- ئایان ماکوان Ian McEwan ڕۆماننووسـێکی ئینگلیزە لە سـاڵی ١٩٤٨ لـە ئینگلتـەرا لـە دایـک بـووە.

٥- تۆم ستوبارد Tom Stoppard شانۆنووس و سیناریۆنووسێکی بەریتانیییـە لـە سـاڵی ١٩٣٧ لـە کۆمـاری چیـک لە دایکبـووە. گرینگترین شـانۆگەرییەکانی بریتییـە لـە: ئەرکادیـا، کەنـاری یۆتوبیـا، هەروەهـا سـیناریۆی فیلمی سـینەمایی (شکسـپیر عاشـقە)ی نووسـیوە.

٦- تید هیوز Ted Hughes نـاوی تـەواوی ئێدوارد جەیمس هیوزە Edward James Hughes، شـاعیر و نووسـەرێکی ئینگلیزییـە. لـە سـاڵی ١٩٣٠ لـە ئینگلتـەرا لەدایـک بـووە، سـاڵی ١٩٩٨ لـە لەنـدەن کۆچـی دوایـی کـرد.

٧- واتـە کەسـایەتی بەڕێوەبـەری خزمەتـکاران (کبیـر الخـدم) لـە زۆربـەی ڕۆمانەکانـی کازۆدا هەیـە.

٨- شـارلۆک هۆلمـز Sherlock Holmes کەسـایەتییەکی خەیاڵامێزە، کە لە کۆتاییەکانی سـەتەی نۆزدە و سـەرەتای سـەتەی بیسـت، کـە لەلایـەن پزیشـکی ئیسـکۆتلەندیی سـێر ئارسـەر کۆنـان داهێنـدراوە، ئـەو کەسـایەتییە، وەک لێکۆڵەرەوەیەکـی ڕاوێژکاریـی،

یارمەتی پۆلیسی دەدا لە ئاشکراکرکردنی ئەو تاوانانەی زۆر ئاڵۆز و تەمومژاویی بوون. ئارسەر کۆنان، ئەو کەسایەتییەی هۆلمزی لە چوار ڕۆمان و چەندان چیرۆکدا بەکارهێناوە.

٩- بۆب دیلان Bob Dylan، ناوی تەواوی ڕۆبەرت ئەلن زیمرماندە، لە ساڵی ١٩٤١ لەدایک بووە، گۆرانیبێژ، ئاوازدانەر و شاعیرێکی ئەمریکییە، کە خاوەن دەنگێکی بەجۆشە. بەهۆی شیعرەکانی و کاریگەریی لەسەر گۆرانیی ئەمەریکیی، لە ساڵی ٢٠١٦ خەڵاتی ئەدەبیی نۆبلی وەرگرت.

١٠- جاک کیرۆک Jack Kerouac (١٩٢٢-١٩٦٩) شاعیر و ڕۆمانووسێکی ئەمریکییە، بەناوبانگترین ڕۆمانی (لە سەر ڕێگەدا ON THE ROAD)، کیرۆک یەکێکە لە پێشەوایانی بزووتنەوەی ئەدەبی ئەمریکیی و گرووپی (Allen Ginsberg)، کە لە پەنجایەکانی سەتەی بیستەم لە ئەمریکا سەریهەڵداوە، هەروەها بە ڕابەری شیعری هایکۆ لە ئەمریکا دادەندرێت.

**سەرچاوە:**


الحزن الملازم للحالة البشرية.. حوار مع كازو إيشيغورو، القسم الاول و الثاني، ترجمة وتقديم: لطفية الدليمي. المتاح على الموقع الالكترونى لمؤسسة المدى:

القسم الاول:
http://thaqafat.com/٢٠١٦/٠٩/٦٥٣٨٢

القسم الثاني
http://www.almadapaper.net/AR/News/٥١٧٦٤٢